سلەمانی... جێبەجێکردنی دوو پرۆژەی گرنگی کارەبا لە

ئەمە سەشەمە ، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کارەبای سلەمانی جێبەجێکردنی دوو پرۆژەی گرنگی کارەبا لە سلەمانی راگەیاند.

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کارەبای سلەمانی لە راگەیەندراوەکدا باویکردەوە، دوو پرۆژەی گرنگی کارەبا لە سلەمانی جێبەجێدەکرێن کە پێکهاتوون لە پرۆژەی راکێشانی هێزی 132 کێڤی بە بەستنەوەی وێستگەی کارگەی ئاسنی سەبائك حەدید بە تەی کارەبای نیشتمانی بە درێژایی 12 کیلۆمەتر و بە تێچوونی زیاتر لە حەوت ملیار دینار جێبەجێدەکرێت کە وێستگەکانی تانجەرە و پەنجوێن و ئەزمە و دەربەندیخان بە یەکەوە دەبەستێتەوە.

هەر لە راگەیەندراوەکدا هاتووە، پرۆژەی دووەم دامەزراندنی وێستگەی 132 کێڤی قیی سەبائك حەدید 132 کێڤی قی و دانانی گەڕەکی 33 کێڤییە کە بە تێچوونی زیاتر لە شەش ملیار دینار لەلایەن کەمپانیای فیکتوەوە جێبەجێدەکرێت.